سەید حەکیم رەزی بەندەر عەراقییەکان لە دابینکردنی هێلی کار و کەمکردنەوەی بێکاری بەرز دەنرخێنێت

بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی لە نووسینگەی خۆی ئەمڕۆ پێشوازی لە بەڕێز عەلی فاخر ئەلسنافی سەرکی یەکێتی بەندەر عەراقییەکان و شاندی یاوەری کرد، لەم دیدارە باسی دۆخی دارایی و ئابووری وڵات و چۆنیەتی پێشخستنی کەرتەکتنی بەرهەم هێنان و گەشەپێدان کرا.

سەید حەکیم جەختی لەسەر گرنگی پشتیوانیکردنی کەرتی بەندەرانی عەراقی کردەوە بە بەشداریکردنیان لەخساندنی هێلی کار و کەمکردنەوەی بێکاری و جەختی لەسەر پێویستی هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهاتی نەتەوەیی کردەوە لەگەڵ هاندانی کەرتەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتوگوزار و وەبەرهێنان و تەکنەلەژیای هاوچەرخ..

هەروەها ئاماژەی بەوەدا کە سروشتی ئابووری وڵات پێویستی بە چارەسەری ڕیشەیی هەیە و داوای گرتنەبەری پلانی دەستبەجێ و قۆناغ بەقۆناغ و ستراتیژی بە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگە ئابوورییەکان کرد، هەروەها جەختی لەسەر گرنگی پشتیوانی حکومەت کردەوە لەم قۆناغەدا و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بەرپرسیارێتی ڕووبەڕووبوونەوەی رکابەرییەکان دەکەوێتە سەر ئەستێی هەمووان...